بەیاننامەی

# بزوتنەوەی پێشکەوتنی گەنجانی کوردستان

## سڵاوی تێکۆشان و ئازادی ..

جەماوەری کوردستان .. گەنجان . ڕوناکبیران .. سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان . وەک ئاگادارن چەند ساڵێکە بەهۆی ئەم کەش و هەوایە ئازادیەک ئازادی کوردستان چەندین حیزب و ڕێکخراو و ڕەوتی سیاسی دەرفەتیان وەرگرت کەبەشێوەیەک لەشێوەکان و بەئاراستەی جیا کاربکەن . بەڵام وەک ئاگادارن کە ئەم هێزانە بەئەندازەی داخوازی گەنجان نەیانتوانیوە لەم ڕووەوە تا ڕادەیەکی پێویست کاربکەن . ئێمە وەک کۆمەڵێک گەنجی ڕوناکبیرو ئازادیخوازو وەک ئەرکێکی سەرشانمان و زەرورەتێکی هەنوکەیی وەکو ڕەوتێکی ئەکتیڤ و ئازادیخواز و شان بەشانی کۆمەڵەو ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکانی کوردستان لە پێناو بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردی و ئاراستەکردنی گەنج بەرەو دنیابینی نوێ و گێڕانەوەی ناسنامەی گەنجێتی بۆگەنجان لەکوردستان لەبەرواری ( 11 ی نیسانی 2005 ) ئەم بزوتنەوەیان دامەزراندو ئەمڕۆش خۆمان ڕادەگەیەنین بەناوی ( بزوتنەوەی پێشکەوتنی گەنجانی کوردستان ) وەدوای ڕاگەیاندنیشمان هەوڵ دەدەین وەک هێزێکی کاریگەر لەگۆڕەپانی سیاسی و لەپێناو کردبوونەوەی گەنج لەدەوری بزوتنەوەکەمان ڕۆڵی خۆمان ببینین . جەماوەری کوردستان .. گەنجان .. ڕوناکبیران . ئەم کارانەی کە بزوتنەوە پێشکەوتنەکەمان دەیەوێت ئەنجامی بدات لەسەردەست و بەپاڵپشتی هەمەلایەنەی ئێوەی گەنجانە کەکاریگەرترین و ئەکتیڤ ترین توێژی ناو هەرکۆمەڵگەیەکن بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی بزوتنەوەیەکی لەم جۆرە پێویستی بەکاری هەمەلایەن و پشتگیری ئێوەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوازێکی مۆدێرن و بەعەقلیەت و توانستێکی تازە کاربکەین لە پێناو کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریو وەلەپێناو بەشداری کردنی ڕێژەیەکی زۆرتری گەنجان لە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان و پرۆسەی سیاسی بەگشتی کە چەندین ساڵە ئەم توێژە لەدەرەوەی بڕیاری سیاسی بووە لەکوردستان و لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە نەخوێنراوەتەوە . بۆیە داواکارین ئێوەش لەپێناوی مافەکانتان پشتگیری لەم بزوتنەوەیە بکەن .

**بەرەو ئایندەیەکی ڕوون**

ڕاگەیەندراوی

بزوتنەوەی پێشکەوتنی گەنجانی کوردستان

11 ی حوزەیرانی 2005